# اللهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ، اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِعِزَّتِكَ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَنْ تُضِلَّنِي، أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَا يَمُوتُ، وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوتُونَ

له‌ ئیبن عه‌باسه‌وه‌ -ڕه‌زای خوایان لێبێت- كه‌ پێغه‌مبه‌ری خودا -صلى الله عليه وسلم- ده‌یفه‌رموو: «اللهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ، وَبِكَ خَاصَمْتُ، اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِعِزَّتِكَ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَنْ تُضِلَّنِي، أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَا يَمُوتُ، وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوتُونَ». واته‌: «ئه‌ی خودایه‌، نه‌فسی خۆم ملكه‌چی فه‌رمانه‌كانی تۆ كرد، وباوه‌ڕم به‌ تۆ هێنا، وپشتم به‌ تۆ به‌ست، وبه‌ ته‌وبه‌ كردن بۆ لای تۆ ده‌گه‌ڕێمه‌وه‌، به‌ پشتیوانی تۆ به‌ریه‌رچی دوژمنانم ده‌ده‌مه‌وه‌، خودایه‌، په‌نا به‌ شكۆداریت ده‌گرم كه‌ هیچ په‌رستراوێك شایسته‌ی په‌رستن نییه‌ به‌ هه‌ق وڕاست جگه‌ له‌ تۆ له‌وه‌ی كه‌ گومڕام بكه‌یت، وتۆ زیندوویت وهه‌رگیز نامریت، وجنۆكه‌ ومرۆڤه‌كان هه‌موویان ده‌مرن».

[سه‌حیح - ڕاست)] [متفق عليه، وهذا لفظ مسلم ورواه البخاري مختصرًا)]

له‌ نزای پێغه‌مبه‌ر -صلى الله عليه وسلم- بریتی بوو له‌: (اللهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ:ئه‌ی خودایه‌، نه‌فسی خۆم ملكه‌چی فه‌رمانه‌كانی تۆ كرد)؛ وفه‌رمانبه‌رداری تۆم، (وَبِكَ آمَنْتُ:وباوه‌ڕم به‌ تۆ هێنا)؛ وبه‌ ڕاستم دانا ودانم پێدانا، (وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ:وپشتم به‌ تۆ به‌ست)؛ وهه‌موو كاروبارێكم به‌ تۆ سپارد، (وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ:وبه‌ ته‌وبه‌ كردن بۆ لای تۆ ده‌گه‌ڕێمه‌وه‌)؛ گه‌ڕامه‌وه‌ وبه‌ره‌و لای تۆ هاتم، (وَبِكَ خَاصَمْتُ: به‌ پشتیوانی تۆ به‌ریه‌رچی دوژمنانم ده‌ده‌مه‌وه‌)؛ وبه‌ یارمه‌تی تۆ به‌رامبه‌ر به‌ دوژمنانت ده‌وه‌ستمه‌وه‌، (اللهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِعِزَّتِكَ:خودایه‌، په‌نا به‌ شكۆداریت ده‌گرم)؛ وبه‌ هێز وده‌سه‌ڵاتت، (لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ:هیچ په‌رستراوێك شایسته‌ی په‌رستن نییه‌ به‌ هه‌ق وڕاست جگه‌ له‌ تۆ)، (أَنْ تُضِلَّنِي:له‌وه‌ی كه‌ گومڕام بكه‌یت)؛ ولاده‌م له‌سه‌ر ڕێبازی هیدایه‌ت وسه‌ركه‌وتووم بكه‌یت بۆئه‌وه‌ی ڕه‌زامه‌ندیت به‌ده‌ست بهێنم، (أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَا يَمُوتُ:تۆ زیندوویت وهه‌رگیز نامریت)؛ وهه‌رگیز له‌ناو ناچیت، (وَالْجِنُّ وَالْإِنْسُ يَمُوتُونَ:وجنۆكه‌ ومرۆڤه‌كان هه‌موویان ده‌مرن).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3056

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee